# شەری "رزگاری و ئازادی"، یان شەری تاوانكاری و ویرانكاری!
# (بە بۆنەی چوارەمین ساڵیادی شەری ئەمریكا لە عیراقدا)


**موزەفەر عبدالله**

**mozafar_as@yahoo.com**


چوار ساڵ لەمەوبەر، لە ریكەوتی **20-3-03**دەستەی فەرمانرەوای ئەوپەری راستی ئەمریكا، بە سەرۆكایەتی جۆرج دەبلیۆ بۆش و دارودەستەكەی، بە بەهانەی هەبوونی چەكی كۆكوژی و پەیوەندی و كۆمەكی رژیمی سەدام حسین لەگەڵ ریكخراوی قاعدەی تیرۆریست، بەناوی جەنگی پیشگرتن بە تیرۆریزم و جەنگی رزگاری و ئازادی خەڵكی عیراق لە دەست رژیمی سەدام گەورەترین شەریان لە دژی خەلكی عیراق بەرپاكرد.

ئەم جەنگە لە كاتیكدا بوو، كە هەشت ساڵی رەبەق ئابڵوقەیەكی هەمەلایەنە بەسەر خەلكی عیراقدا داسەپێندرابوو هاومات لەگەڵ سەپاندنی شەری كەنداوی دووەم لە لایەن بۆشی باوكەوە كە تیایدا خەڵكی عیراق بونە گەورەترین قوربانی.

هەڵبەت جەنگی سیهەم كەمی خایاندو دوای **40** رۆژ كۆتایی هات . لە **9-4-03** رژیمی سەدام رووخاو بە تەواوی بەغداش كەوتە ژێر كۆنترۆلی سوپای ئەمریكی یەوە. پاشان بۆش لەسەر یەكیك لە كەشتی یە جەنگی یەكانی یەوە كۆتایی شەرو سەركەوتنی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی، بەناوی ئازادكردن و رزگاركردنی خەڵكی عیراقەوە راگەیاندو بەڵێنیدا كە عیراق بكاتە نمونەو سومبولی ئازادی و دیموكراسی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا. بەلاّم زۆری نەخایاند لە **2-10-03** یانی دوای **6** مانگ تیپەرین بەسەر كۆتایی شەردا بۆش و بلیر بە شەرمەزاری یەوە رایانگەیاند كە فعلەن لە عیراقدا دوای شەش مانگ گەران هیچ چەكیكی كۆكوژی و هیچ بەڵگەنامەیەكی پەیوەندی نیوان بەعس و قاعدەیان نەدۆزیوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر پاكانەیان لە بەرپاكردنی جەنگی ویرانكاری و تاوانكاریان دەكرد كە گوایە ئەوان جەنگیان لەسەر پیویستی و خواستی خەڵكی عیراق بەریخستوە بۆ رزگاری و ئازادی لە دەست گەورەترین دیكتاتور.كۆكتیلیكیان لە ئۆپۆزیسیۆنی قومی و دینی و تایەفی كۆكردەوەو چەند كۆنگرەیەكیان پی سازدان لەلەندن و مەسیف سەلاحەدینی كوردستانی عیراق كەرابەرانی ئەم كۆكتیلە زۆربەی هەرە زۆریان شەخسییەتەكانی پشتەوەی ریزی دووەم وسیهەمی دوای سەدام حسین بوون. ئۆپۆزیسیۆنترینیان رابەرانی ناسیونالیزمی كورد بوو كەئاخرین تاوانەكانیان لەدوای رووخانی بەعس كەشف بوو بەوەی زۆریان تا چەند مانگ پیش رووخانی سەدام هەمویان ژێر بە ژێر پەیوەندیان بەرژیمی بەعسەوە هەبووە.

ئیستا دوای **4** ساڵ تیپەرین بەسەر سەپاندنی ئەو جەنگەدا، با سەرنجیك بدەین ئاخۆ رووداو وكارەساتە سیاسی وكۆمەڵایەتی و ئابوری یەكان، بە ئامار و ئەرقامەكان پەیامی رزگاری و ئازادی خەڵكی عیراقمان پی دەڵێن یان ویرانكاری تاوانكاری، لە كوشتو برو ئیعدام و تیرۆرو بی سەرو شوین كردن و ئاوارەیی و پەنابەری و هەژاری و نەداری و بیكاری و بی خانەولانەیی و بی داوو دەرمانی و نەخۆشی نەفسی وجیاوازی چینایەتی و دینی و تایەفی و قومی و جنسی و...هتد.

بە پیی ئەو راپۆرت ولیكوڵینەوەو راپرسی یانەی كراوە، كە بەزۆربەیان دەزگاكانی خودی ئەمریكاو بەریتانیا وریكخراوی نیودەوڵەتی، یو ئین ، ئەنجامیان داوە ئەكامەكانیان وا راگەیەنراون:

### ئامارەكانی كوژراوبە گشتی:

لەسەرەتای شەرەوە تا ئیستا نزیك بە **2.3** ملیۆن كەس كوژراوە . هەر رۆژیك 500 كەس لەسەراسەری عیراق گیانی لە دەست داوە. تەنها **18** مانگ دوای جەنگ **100,000** كەس گیانی لە دەست داوە . لە **56%** ئەم كوژراوانە بەهۆی تەقینەوەی هەردو بەرەی تیرۆریستەوە گیانیان لە دەست داوە. لە **31%** ئەو ژمارەیەی سەرەوە بەهۆی هیزەكانی ئەمریكاوە گیانیان لە دەست داوە.

كوشتنی نزیك بە**3500** سەربازی ئەمریكی و هاوپەیمانەكان، كە سەربازی **19** وولاّت لەم شەرەدا لەسەرەتاوە بەشدار بوون .لەم 4 ساڵەدا لەم ژمارەیە **3227** كوژراویان لەسوپای ئەمریكایە. تەنها لە مانگی مارسی ئەمساڵدا**63** سەربازی ئەمریكی كوژراوە.

### سەبارەت بە وەزعی منالاّن:

لەم 4 ساڵەدا لە 11% منالاّن بەهۆی جەنگەوە توشی نەخۆشی كەم كیشی هاتوون و سوئی تەغدیە لە 28% زیادی كردوە لە چاو 4 ساڵ پیش جەنگ. 818,000 منالّ بی بەشن لە خویندن و چونە قوتابخانە بەهۆی شەرو تەقینەوەوە لە شارەكانی عیراق. بە پیی ئاماریك كە لە قوتابخانەیەكدا كراوە لە 60% منالاّن توشی نەخۆش نەفسی بوونە بەهۆی كوشتن و تەقینەوەوە. لە ریژەی كوژراوان دا لە 46% یان لە خوار 16 ساڵاوەن. بە پیی هەواڵەكان تیرۆریستانی ئیسلامی ئیستا دەستیان بردوە بۆ كاریكی زۆر تاوانبارانەتر لە پیشو، ئەویش بەكار هینانی منالاّنە بۆ تەقینەوە. هاوكات گروپە تیرۆریستەكانی ئیسلامی و پاشماوەی بەعس ئیستا بۆمبی جۆراو جۆر كەپرە لە مەوادی كیمیاوی بەكار دەهینن كە ئەمەش ژەهراوی بوونی مرۆڤەكانی بە دواوە دەبیت. دیارە ئەم هەنگاوانەیان لەدوای ئەوەوە دێت كە ئەمریكا خەریكی پیادەكردنی ستراتیژی نوی و خوتەی ئەمنی نویە لە عیراق بۆ جیگیركردنی ئاسایش لەعیراق بەگشتی و بەغداد بە تایبەتی، بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگی رابردوودا 22500سەربازی زیاتری رەوانەی عیراق كرد .

**سەبارەت بە بارودۆخی ژنان ئامارەکان پیمان دەڵێن کە:**

لە سالی 2006 دا 630 حالەتی دەستدریژی بۆ سەر ژنان کراوە کەئاخرینیان دەستدریژکردنە سەر ژنیك بە ناوی سابرین بوو. بەلاّم کەمترین حالەت قوربانی یەکە ناوی خۆی راگەیاندووە. رفاندنی ژنان و کچانی قاسر لە شەقام و کوچەو کۆلاّنەکانی عیراق بۆتە بازرگانی یەکی بەسود بۆ باندەکانی ئینسان رفاندن. سەدەها ژن لە عیراق بۆ بازرگانی سیکس دزراون، بەلاّم هیچ دام و دەزگایەك نەگەیشتۆتە ئاماریکی راست و دروست لەم بارەیەوە. لە %7 کوژراوەکان لە ژنان بوون. ئەمە جگە لەوەی لەش فرۆشی بۆتە کاریکی باوی کۆمەلایەتی لە نیوان ژناندا. تەنانەت لە نیو منالاَن و هەرزەکارانی کوریش بۆتە دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی. سەدان ژن لە شارەکانی بەغداو شارەکانی باشوری عیراق روویان لە کوردستان کردوە بۆ کاری لەشفرۆشی. دیارە ئەمانەش هەمووی بەهۆی نەبووونی و بیکاری و بەهۆی لە دەست دانی باوك و براو کورو نانئاوەری خیزانەوە پەرەی سەندووە. لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، مان فردنوکی لیکۆلەری یو ئین لە عیراقدا دەڵێت، لەوە دەرچوە باس لە مافی مرۆڤ بکریت چونکە سزا دان و توندو تیژی و پیشیل کردنی مافەکانی مرۆڤ گەیشتوتە ئەوپەری و لە دونیادا بی وینەیە.

**سەبارەت بە ئاوارەیش ئامارو ئەرقامەکان وا نیشان دەدەن:**

ئاوارەیی خەلّکی عیراق لەم 4 سالّەدا لە دونیادا کەم وینە بووە. تەنانەت لە سالّی 1948وە کە خەلّکی فەلەستین توشی ئاوارەیی بە کۆمەل بون بەهۆی سیاسەتی رەگەزپەرستی حکومەتی ئیسرائیلەوە قەیرانیکی وا گەورەی لە جهان دروست نەکرد وەك ئاوارەییەیەك کەئیستا رووی کردۆتە خەلّکی عیراق. حالّی حازر نزیك بە دوو ملیۆن ئاوارە لە سوریاو ئوردنن .هەر رۆژە 5000 کەس لە خەلّکی عیراق ئاوارە دەبیت، یان روو لە سوریاو و ئوردن و تورکیا و میسرو لوبنان و وولاّتانی کەنداو ئیران دەکەن، یان روو لە کوردستان دەکەن و لەناوخۆی عیراق ئاوارە دەبن. بە پیی راپۆرتی یو ئین لە %12 خەلّکی عیراق ئیستا ئاوارەن. یانی بە ژمارە ئیستا عیراق 6 ملیۆن ئاوارەی هەیە لە وولاّتەکانی جهان. نزیك بە یەك میلۆن لە سوریا و 750000 لە ئوردن و 13000 لە میسر و4000 لە لوبنان و 3000 لە تورکیان کە لەسەخت ترین بارودۆخ ژیان بەسەر دەبن و لە هیچ مافیکی پەنابەری بەهرەمەند نین .بە پیی راپۆرتی یوئین ژمارەی داواکاری پەنابەری عیراقی لە نوسینەگەکانی یوئین لە 80% زیادی کردوە لە چاو سالّی پارەوە. لە سالّی 2005 دا 12,500 کەس داوای پەنابەریان کردوە، بەلاّم لە سالّی 2006 گەیشتوتە 22,500 کەس. لەم بارەیەوە رود دوتموند بەرپرسیکی کۆمیسیۆنی بالاّی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پانابەران دەڵیت ئەم ئامارە راستەو لەدوا چارەکی سالّی 2006 دا8100 پەنابەری عیراقی لە 36 ولاّتی جیاجیا لە نوسینگەکانیان داوای پەنابەریان کردوە. بی گومان ئەم ئاوارەیی یە بی وینەیە، بە پیی راپۆرتەکان زیاتر بەهۆی ناکۆکی و کیشەو توندو تیژی و شەری دینی و تایەفی و قومی و تەنانەت جنسی یەوەیە. ئەمەش دیارە بەهۆی شەری ئەمریکاوە سەری هەلّداوەو پەرەی سەندووە.

خەلیل زادی سەفیری ئەمریکا لە عیراق لە ئاخرو ئۆخری بەجی هیشتنی عیراق وەك سەفیری ئەمریکا، دانی بەوەدا ناوە کە شەر لەعیراقدا ناکۆکی وتوندو تیژی تایەفی بەرادەیەك گەشە پیداوە کەمەترسیەکەی سەرجەم رۆژهەلاّتی ناوەراستی گرتۆتەوە. ئەمە جگە لەوەی کەلە ناوخۆی عیراقدا 1.9 ملیۆن خەلك لە ترسی شەری تایەفی و دینی ئاوارەن کە هەر بە قسەی مەسعود بارزانی لە ناوچەکانی ژیر دەسەلاّتی ئەواندا زیاتر لە 15000 ئاوارەی عیراقی هەیە. لە %16 خەلّکی عیراق شوینی خۆیان بە هۆی شەری تایەفی یەوە بەجی هیشتوە. لە %75 خەلّکی عیراق بیکارن وداهاتی خەلّکی عیراق دیارە ئەوانەی کار دەکەن، مانگانە 250$ لە کاتکیدا کریی مانگانەی خانویەکی دوو ژورو هۆلّی300-400 دۆلارە.

تیچونی جەنگ(تکلفە الحرب ):با بزانین ئاخۆ ئامارو ئەرقامەکان لەم بارەیەوە چیمان پی دەڵێن:

بە نیسبەت تەکلیفی جەنگی دژە تیرۆرەوە لە عیراق دا، بە پیی ئاماری خودی کۆنگریسی ئەمریکی، مانگی 6 ملیارو 400 هەزار دۆرلارە. لەم 4 سالّەدا نزیکەی 510 ملیار دۆرلار سەرف کراوە, مەسرەفی سوپای ئەمریکی حالّی حازر بەهۆی شەری عیراقەوە یەکسانە بە مەسرەفی هەمو سوپای وولاّتانی جهانی. سەرجەم زەرەرو زیانی ویرانکردنی ژیر خان وسەرخانی عیراق زیاتر لەم 4 سالّەی جەنگدا زیاتر لە 5 تەرەلیۆن دۆلارە.

**سەبارەت بە چاوەروانی و داواکاری و پیویستی یەکانی خەلّك، ئامارەکان بەم شیوەیەن:**

سەبارەت بە باری ئەمن و ئاسایش بە پیی ئاماریك کەدەزگای بی بی سیش تیایدا بەشداری کردووە ئاوا نیشان دەدات: لە %71 عیراقی یەکان لە سالّی 2005 وەزعی ئەمنی یان پی باش بوو. بەلاّم لە سالی 2007 ئەم ریژەیە هاتە خوارەوە بۆ %39. لە %64 خەلّك پیان وابوو لە سالّی ئایندە وەزعی ئەمنی باش دەبیت. بەلاّم ئەمسالّ ئەم ریژەیە بۆتە35%.

سەبارەت بە پیویستیە سەرەتای یەکانی ژیانی خەلك لەسەر لیواری تیچونی یەکجاری دایە. بیکاری وگرانی و بیکارەبایی و قەیران لە هەموو مەیدانەکان ژیانی مەدەنی بەیەکجاری لە لیواری وەستاندایە. عیراقیك لەسەر دەریایەك نەوت وەستاوە بەلاّم نەوت وگاز بەنزین وپیویستییەکانی تر هەمووی لەوولاّتانی ترەوە دەست خەلّکی دەکەویت. لەسەراسەری عیراقدا، بە کوردستانیشەوە، خەلّك لە شەوو رۆژیکدا تەنها 3-5 سەعات کارەباو ئاویان هەیە. ریژەیەکی بەرچاوی خەلّك ئیستا لە شارەکانی عیراق، بە تایبەتی بەغداو بەسرە و موسلّ، خۆراکی یەك ژەم رۆژانەیان لەسەر زبلّدانەکان دابین دەکەن .

له رووییەکی ترەوەو بە پێی راپۆرتەکانی خودی ئەمریکاو بەریتانیاو یوئێن لەم چەند ساڵەدا رۆژ بەرۆژ کردەوەی تیرۆریستی لەزیاد بووندابوەو رۆژبەرۆژ زیاتر خەڵکی دەستیان داوەتە چەك و کردەوەی چەکدارانەیان ئەنجام داوە چ لەدژی خەڵکی سڤیلی عیراق بیت یان لە دژی سوپای ئەمریکی. ئامارەکان وا نیشانە دەدەن کەدەبوو بەپێی تەقدیری سوپای ئەمریکی کەرۆژانە لە تاقمە چەکدارە ئیسلامی وپاش ماوەکانی بەعس دەستگیر دەکرین ودەکوژریت، دەبوو ئیستا ریژەی ئەو چەکدارانە زۆرکەم بونایەتەوە یان کۆتاییان پی بهاتایە، بەلام نەك هەر وا دەرنەچو بەڵکو رۆژ بەرۆژ لە پەرەسەندندا بوون.

ئیستا هەر مرۆڤیك ئەگەر لە روانگەی بەرژوەندی یە ئینسانی یەکانی خەڵکەوە لەم شەرە بروانی و ئەنجامگیری لیبکات، دیارە بەبی لیکۆڵینەوەی سیاسی چروپر، بەو ئەنجامگیرییە دەگات کەئەم شەرەی ئەمریکا لەعیراقدا شەری  رزگاری و ئازادی بووە یان شەری تاوانکاری و ویرانکاری..؟!

بەڵێ دوای 4 ساڵ تیپەربون بەسەر ئەم شەرەدا ئیستا زیاتر رۆشن بۆتەوە بۆ زۆربەی زۆری خەڵکی عیراق کەچۆن خزینراوەتە ناو سیناریۆیەکی ئەوپەری تاریکەوە وئایندەکەی دیار نییە. دیارە خەڵکی بەغدا لەریزی پیشەوەن لەم سیناریۆ رەشەدا وبە بروای من ریزی کۆتایی ئەم سیناریۆیە خەڵکی کوردستانە کە وا دیارە هیشتا نەکەوتونەتە بەردەم مەترسیە راستەوخۆکانییەوە، چونکە هیشتا شەری قومی سەراسەری نەبۆتەوە. خۆ ئەگەر خەڵکی کوردستانیش ریگای خۆیان جیا نەکەنەوە لەوانەی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا و ئیسلامی یەکان ئالاٌندووە ئەوا ئەو خەڵکەش پاڵ دەینن بۆ ناو ئەم سیناریۆ تاریکە. بۆیە تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بە رزگاری خەڵکی عیراقەوە ئەوەیە کەریزی ملیۆنی خۆیان یەکبخەن وریکبخەن لەناو ریکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق. بەهیز کردنی کۆنگرەی ئازادی و خۆجیاکردنەوەی خەلکی ئازادیخوازی عیراق لە هەمو ئەو بزوتنەوەو حزبە قومی و دینی و تایەفیانەی کە چ لە مەداری سیاسەتەکانی ئەمریکا دەخولینەوە و لەنیو حکومەتی لەرزۆك و دەستکردی ئەمریکادان چ لەو دەستەو تاقمە ئیسلامییە تیرۆریستی و پاشماوانەی بەعس کە بە ناوی دژی سیاسەتی داگیرکارانەی ئەمریکا کە کاریان تەنها کوشت و برەوبەس.

بەلاٌم بە نیسبەت ریگای رزگاری خەڵکی کوردستانەوە ،ئەمرۆ ئەوەیە کە خەلك گردو کۆببنەوە لە دەوری خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم و گرتنە بەری ریگای سەربەخۆیی کوردستان و پیك هینانی وولاٌتیکی سەربەخۆ.

20-مارسی 2007